سەرۆك کەمار پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لە میری قەتەرەوە پەدەگات

سەرۆك کەمار د.لەتیف جەمال رەشید بەبۆنەی هاتنی جەژنی پیرۆزی رەمەزانەوە پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لە شێخ تەمیم بن حەمەد بن خەلیفە میری دەوڵەتی قەتەرەوە پێگەیشت.

نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆکایەتی کەمار لە بەیاننامەیەکدا باویکردەوە:-ئەمڕۆ سەشەممە 9-4-2024 لە پەیوەندیە تەلەفۆنییەکدا پیرۆزبایی جەژنی پیرۆزی رەمەزان لەنێوان سەرۆک کەمار و میری قەتەر ئاوگەکرا و هەردوولا هیوای ئارامی و خۆشگوزەرانیان بە هەردوو گەلی برای عێراق و قەتەر خواست.
هەردوولا جەختیانکردەوە لەسەر پەیوەندیە بەهێزەکانی نێوان هەردوو وڵات، هەروەها گرنگی پتەوکردن و پەرەپێدانی پەیوەندیەکانیان لە بوارە جۆراوجۆرەکانی جێی بایەخی هاوبەش دوپاتکردەوە.
هاوکات باس لە دەستدرێژیە بەردەوامەکان بەسەر غەززە کرا و جەخت لەسەر پێویستی راگرتنی دەستبەجێی جەنگ کرایەوە، هەروەها یارمەتیدانی گەلی فەلەستینی برا و گرتنەئەستۆی بەرپرسیارێتی یاسایی و ئەخلاقیی لەلایەن کەمەگەی نێودەوڵەتییەوە دوپاتکرایەوە.
هەر لە پەیوەندیە تەلەفۆنییەکدا ستایشی رۆڵی دەوڵەتی قەتەر کرا لە پشتیوانیکردنی گەلی فەلەستین و کارکردن بە کۆتاییهێنان بە جەنگ لە غەززە.